عێراق وتورکیا لەسەر پێکهێنانی ئەنجومەنێکی وزاری بۆ بەدواداچوونی پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان ڕێککەوتون

وەزیری گواستنەوە و ژێرخانی تورکیا ڕایگەیاند، لە سەردانی ئەردەگان بۆ عێراق بەشێکی گفتوگۆکان تایبەت دەبێت بە پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان، بە ئەو مەبەستەش لە دواین گفتوگۆیان لەگەڵ شاندی عێراقی ڕێککەوتون لەسەر پێکهێنانی ئەنجومەنێکی وزاری هاوبەش.

عەبدولقادر ئەراڵئەغلو وەزیری گواستنەوە و ژێرخانی تورکیا لە ڕاگەیەنراوێکدا بڵاویکردەوە، لە سەردانی ڕۆجەب تەیب ئەردەگان سەرۆک کۆماری تورکیا بۆ بەغداد کە بەیارە لە کۆتای ی مانگی (نیسان/4) ئەنجام بدرێت دەسیی پێوکردنی هەماهەنگی نێوان هەردو وڵات لە پرۆژەی "ڕێگای گەشەپێدان" لەخەدگرێت.

وەزیرەکەی تورکیا ئاماژەی بەوەشکردوە، لە سالی رابردو هەنگاوی گرنگ لەبارەی پرۆژەی "ڕێگای گەشەپێدان" گیراوەتە بەر و چەندین دانوستانی وزاری لە نێوان بەغدا و ئەنقەرە کراوە.

ئەوەشی خستوەتەو، ئەنقەرە لەسەر ئەو پرسە چەند گفتوگۆیەکی بە سەرپەرشتی وەزارەتی گواستنەوە و ژێرخان کردوە کە تێیدا بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوە و وەزارەتی بازرگانی تورکیا، هەروەها شاندی عێراقی بەشداربون.

عەبدولقادر ئەرائەغلو دەڵێت، لە ئەنجامی گفتوگۆکانیان ڕێککەوتن لەسەر پێکهێنانی ئەنجومەنێکی وزاری لەسەر پێژەی ڕێگای گەشەپێدان لە نێوان هەردو حکومەتی عێراق و تورکیا.